**کۆمەڵگای عێراق لە بەردەم خەتەری بڕیارە نادروستەکان دا**

**ڕزگار عبدالکریم**

**هەر لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی فاشیستی بەعس و کۆتای هاتنی زۆڵم و ستەمی سی و پێنج ساڵە خەڵکی عێراق ئومێد و ئایندەی لە بەدیهاتنی ژیانێکی ئینسانی و ئازاددا چاوەڕوان دەکرد بەڵام هەموو ئەو شتانە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی‌یەوە کەوتەوە و ئومێد و ئارەزووە ئینسانی‌یەکان لە سایەی دەسەڵاتدارانذا بووەوە بەو خەونەی کە سی و پێنج ساڵە خەڵک بۆی دەژی. . وەک ئەوەی بڕیار بێت کە دەبێت هەمیشەخەڵکی عێراق لە چاوەڕوانی دا بن بۆ بەدیهاتنی ژیانێک باش ئەگەر چی کەسانی ئازادیخواز و ڕۆشنفکر هەر لە یەکەم ساتەکانی کۆتایی بەعس هاواریان کرد کە دەبێت ئیرادەی واقعی خەڵک لە بری ئەو دەسەڵاتە بڕیار لە سەر داهاتوویان بدەن. .**

**چونکە ڕۆشنە لەسایەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی و ئیسلامی‌یەوە کۆمەڵ لە کوێدا ڕادەگیرێت. . بۆیە ئومێد بەستنەوە بەو ئەحزابانەوە لە بن بەست و شکستی یەک لە دوای یەک زیاتر هیچ بە دیاری بۆ خەڵکی ناهێنێت، ئەوە دەستکەوتەکەیانە کە لە کۆی ئەندامی بەناو مەجلیسی حوکم سیازدەی شیعە بێت و لە کۆی 25 وەزیر سیازدەی شیعە بێت و ڕۆژی ژنانی جیهانی لە دونیادا دوای هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی ئازادی خواز کەچی ڕۆژی 8/18 ی لە دایک بوونی فاتیمە زەهرای ژنی عەلی‌یان کرد بەڕۆژی ژنانی عێراقی،**

**بڕیاردان لە سەر مافی بەعێراقی بوون بۆ عەرەب بە سێ ساڵ بێت و غەیرە عەرەب بە نۆ ساڵ بەشێکی ترە لە زیندووکردنەوەی فەرهەنگی ناسیونالیستی عەرەبی و کردنی کورد جارێکی تر بەهاوڵاتی پلە دوو، بۆیە خەڵکی عێراق و کوردستان لە بەرامبەر ئەم بڕیارە دژە ئینسانی‌یانەدا بوەستێتەوە و ڕێنەدات پاشماوەکانی درێژەپێدەر بەسیاسەتەکانی بەعس ئاوها یاری بە داخوازی‌یەکانی خەڵک بکەن. . هەر ئەوە ماوە ڕۆژی لە دایک بوونی ئەو جەهالەتانەی قورەیش بکەنە پشوی رەسمی و کۆمەڵگای عێراقی ببێتە نمونەیەکی تری ئێرانی دواکەوتوو. .**